# ئێستا ئاڵوگۆڕێكی سادەش بەنەمانی كۆماری ئیسلامییەوە بەستراوەتەوە!

**بارزان حەسەن پور**

رژیمی كۆماری ئیسلامی بە دریژایی تەمەنی بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەكانی خۆی وەك دەوڵەتێكی سەرمایەداری لە هەموو شێوە و رەوشتێكی سەركوت و فریو كەڵكی وەرگرتوە . پاش راپەڕینی ساڵی 1357هەتاوی ئەم رەوتە لەسەر حیسابی تەوەهووم وخۆش باوەڕی بەشێكی بەرچاو لە كۆمەڵگای ئەوكات (بە ئەحزابیشەوە) و هەر وەها بە پشتیوانی و چاوپۆشی وڵاتانی سەرمایەداری جیهانی بە ئەمریكاشەوە لە كۆماری ئیسلامی و بە ئەنجام دانی بەناو ریفراندۆم دەستی پێكرد. ئەوكارە بە مەبەستی لە باربردنی راپەڕینە شكۆدارەكەی كۆمەڵانی خەڵكی ئێران و داگیركردنی دەستكەوتەكان لە رێگای دامەزرانی دیكتاتۆری ئیسلامی و زەق كردنەوەی دەور و نەخشی ئایەتوڵڵا خومەینی لە هەلومەرجی ئەوكات دا بۆ نیزامی سەرمایەداری پیویست بوو.

ئەمە قۆناغیك بوو كەتێیدا كەم وینەترین و بیبەزەیانەترین جۆری كوشتار وسەركوت دەرحەق بەخەڵكی راپەڕیوی ئێران، بە مەبەستی سڕینەوەی هەمو و هەرچەشنە هیوا و ئومێدێك كە لە نێو چین و توێژی بەش خوراو و ژێر دەستەی كۆمەڵگای ئەو كات و لە دڵی راپەڕینێكی شكۆدار سەبارەت بە داهاتوویەكی خۆشتر پێكهاتبوو، ئەنجام درا. ئەمە كردەوەیەكی پیلان بۆ داڕێژراوبوو، بەرهەمی ئەو دەورە لە دیكتاتۆری وسەركوتی كەم وێنە، بۆ دەوڵەتی سەرمایەداری كۆماری ئیسلامی تێكدانی ریزی یەكدەنگ و یەكگرتووی خەڵكی ئێران لە ئاستی سەراسەریدا و تۆقاندنی كۆمەڵگا و هێنانەخواری ئەو داخوازییانە بوو كە لە پرۆسەی راپەڕیندا شكڵی گرتبوو. بێدەنگیی نیسبی خەڵك بە هاتنە سەركاری دەوڵەتی رەفسەنجانی بە نێوی واقعگەرا و سەرەتای قۆناغی ئاوەدان كردونەوەی ئەو كاتی ئێران بۆ حكومەتی سەرمایەداری بەرهەمی ئەو هەلومەرجە دیاریكراو و تایبەتمەندیانە بوو، كە سەرەجام پاش ماوەیەك ئەویش بەوپەڕی بێ ئابڕوویی و دەستی خوێناویەوە، لە لایەن خەڵكەوە وەڵامی نای پێدرایەوە .

ئەو رژیمە پاش راپەڕین و لە سەرە تای هاتنە سەركاریەوە تا ئێستاش سەر كووت و تۆقاندنی كۆمەڵانی ناڕازی خەڵكی بە شێوەی جۆراوجۆر گرتۆتەپێش و ئەم رەوشتە چەپەڵەی بەتەواوی بۆ خۆی پارا ستوە. تەنانەت لەكاتێكدا كە هاتنە سەركاری باڵی بەناو ئیسلاح خوازی كۆماری ئیسلامی بە رێبەرایەتی محمد خاتەمی بۆ پاراستنی سیستەمی سەرمایەداری و داپۆشینی بێ ئابڕوییەكانی كۆماری ئیسلامی وەك پێویستییەكی مێژوویی لێهات، ئەم رەوتە سەركوتگەرە هەر بەردەوام بوو. حكومەتی خاتەمی ش لەپاڵ بەدەستەوە گرتنی دروشمی درۆینەی دیالۆگی سیاسی وچاكسازی وئیسلاحات، لە هەرشوێنێكی ناو كۆمەڵگای ئێراندا، بە كوردستانیشەوە، بە پێویستیان زانیبێت هەر ئەو سیاسەتەیان پەیڕەو كردوە. كارەساتی ناسراو بەقەتڵە زنجیرەییەكان ،كوشتاری سێی رەشەمەی ساڵی 1377ی هەتاوی سنەو گەمارۆدانی زانكۆكان و سەركوتی جموجوڵەكانی خوێندكاران چەند نمونەیەك لەو رەوشتە دزێو و قێزەونە دژ

بە مرۆڤایەتیانە بوون کە وەك ئیرس و بەشەماڵ لە ناو هەمو دەوڵەتە یەك لە دووای یەکەکانی کۆماری ئیسلامی دا ئێستاش هەر دە ستاو دە ست دەکات و لەوە دەچێت تەواوبونی بە نەمانی کۆماری ئیسلامییەوە گرێدرابێت.

بەهاتنە سەرکاری دەوڵەتی ئەحمەدی نەژادیش کە پەرەسەندنی کوشت وبڕ و پێشێلکردنی سەرەتایترین مافە ئینسانیەکان چەند قات زیادیان کردوە و بە بەرزکردنەوەی دروشمی شەڕخۆازانە و پێداگرتن لە سەر درێژەی پرۆژە ی چەکی ناوکی، بەمەبەستی... ڕاگرتنی خۆی و داپۆشینی قەیرانە ناو خۆییەکان، لە پێشیانەوە کێشەی شاردنەوە و سەرکوتی بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان و پێکهێنانی ئاگاهانە ی کەش و هەوای پڕ لە نیگەرانی بۆ خەڵکی ئێران، نەك هەر گیروگرفتەکانی خەڵکی زیادکردوە، بەڵکو نەیتوانیوە قەول و وادە ئینتخاباتییەکانی بە لایەنگرانی کۆنەپەرەست، یا فریوخواردوشی جێبەجێ بکات. لە درێژەی هەرئەم ڕەوتە دا و بە هاتنەگۆڕی هە ڵبژاردنەکانی مەجلیسی هەشتەم و زاڵکردنی کەش و هەوایەکی زیاتری نیزامی و لادانی هەرچەشنە بەرهەڵست وموخالفێکی سیاسیی سەر ڕێگا، تەنانەت لە وێنەی لیبراڵ و ئیسلاحخوازە ناوخۆییەکانیشان زیاتر دەسەلاتی دەوڵەت و سوپای پاسدارانی تێدا دەستەبەر کرا و بەمجۆرە رووپۆشی سەر راستییەکان زیاتر لادرا و روخساری دزێوی سیاسەت و کردەوەکانیان زیاتر لە هەمیشە بۆ هەموان دەرکەوتوە و تەنانەت دوبەرەکی نێو خۆشیان دەمی گردوتەوە.

لێرەدا قسە و مەبەستی سەرەکیی ئێمە هەر ئەوە نییە بڵێین کە ئەو مێژووە سەرکوت کەرانەیەی کە رژیمی سەرمایەداری ئێران بە درێژایی تەمەنی نگریسی پەیڕەوی کردوە، لەگەڵ چ خەبات و بەربەرەکانێیەکی کۆمەڵانی خەڵك بەرەو روو بۆتەوە. بەڵکو سەرنەکەوتن و ناکامییە سیاسی و ئابوریەکانی تا ئێستای رژیم لە هەموکاتێك زیاتر یەکدەنگییەکی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ناڕازیی ئێران بۆ بەرەو روو بونەوەیەکی یەکجاری لە کەڵ کۆماری ئیسلامی لێکەوتەوەتەوە. ئەمڕۆژانە چارەسەری هەموو ئەو گیروگرفتە سیاسی و کۆمەلایە تیانە و تەنانەت پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی ساکاریش لە ژیانی رۆژانەی خەڵکی ئێراندا بە مان و نەمانی حکومەتەوە دەبەسترێتەوە، نەك لە ژێر دەسەلاتی رەشی ئەو رژیمەدا. رەنگدانەوەی ئەم راستیە لە لایەکەوە لە نزیك بونەوەی رۆژ لە رۆژ زیاتر و پەرەسەندنی پەیوەندی و هاوخەباتی خەڵك و بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانی وەك: بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و بزووتنەوەی خوێندکاری و لە لایەکی تریشەوە لە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگای ئێران و راگەیاندنی وەك یەکی بەشێك لە ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامیدا بۆ تەحریم و بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنی مەجلیسی هەشتەم دا بە رونی بەدی دەکرێ کە وەك دیاردە و نیشانە گواستنەوە و پەرەسەندنی بێ هیوایی بۆ نێو لایەن و توێژە بێدەنگ و خۆش باوەڕانی تا ئێستا بە حیساب دێت.

بە بڕوای من هەر بۆیە ئێستا چۆنیەتی و بە چ شێوەیەك لەناوچوونی کۆماری ئیسلامی وەك راگەیاندنی هەڵۆێستێکی نەزەری بە حیساب نایەت، بەڵکوو وەك ئاڵوگۆڕێکی سیاسی کۆمەلایەتی پێویست لە ناو بەشێکی بەرینی چین و توێژی کۆمەڵگای ئێراندا سەیر دەکرێ و بگرە زەرورەت و پێویستییەکی بەپەلە و هەنوکەیشی پیدا کر دووە.

زیاد بوونی هاودەنگی و گەشەی هاوکاری لە ناو بزووتنەوە جەماوەریەکان کە ئێستا شاهیدیانین، خۆی هەنگاوێکی گرنگی بەرە وپێشە بۆ خۆ ئامادەکردن و رووبەڕو بوونەوە لەگەڵ ستەمکاریەکانی کۆماری ئیسلامی وسەرەنجام گۆڕکردنی یەك جارەکی ئەم رژیمە. بەلام گرنگ ئەوەیە بۆ بەرگری لە دووپات بوونەوەی تەجرەبەی تاڵی راپەڕینی ساڵی 1357 سەرنجەکان لەو بابەتەوە تیژتر بکرێنە وە و تەزمینێك بە کۆمەڵانی خەڵك بدرێ. ئەوکاتەی کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کۆتاییان بە تەمەنی 2500ساڵ حکومەتی زاڵمانە

ی پاشایەتی لە ئێران هێنا، بەڵام بەهیچ کام لە ئارەزو و ئامانجەکانی خۆیان نەگەیشتن. چەوسانەوەی کرێکارانی راپەڕیو، بێمافی وەه لاواردنی ژنانی ستەمدیدە، دریژەی ستەمی نەتەوایەتی بە سەر کەمینە نەتەوەیەکاندا و سانسۆر و زەبرو زەنگ بە سەر میدیا و لاوان و خوێندکارانی شۆڕشگێڕ و ناڕازی دا زیاتر و ئاشکراتر لە هەمیشە هەروا درێژەیان هەیە و ئەمەش ئەو راستیە دەسەلمێنێ کە دیسانیسش پێویستی ئاڵوگۆڕێکی قوڵی سیاسی کۆمەڵایەتی لە ئێران وەك پێویست لە ئارادایە.

بێگومان لە وها هەلومەرجێکدا بوونی لێکدانەوە و رێگاچارەی جۆراوجۆر بۆ دواڕۆژ، زۆر ئاساییە. هەر وەك لەسەەوە باسمانکرد ئاستی ستەمکاریەکانی کۆماری ئیسلامی و بێ وەڵام مانەوەی ویست و داخوازیە سەرەتاییەکان لە لایەن رژیمەوە رادەی ناڕەزایەتیەکانی گە یاندۆتە جێگایەکی وا کە تێیدا بەرژەوندیی جیاوازی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان روون و حاشا هەڵنەگرە و تەنیا ئارەزومەندیی نە مانی کۆماری ئیسلامی ئێستا پێکەوەی گرێداون و لە دوارۆژدا هەر یەکەو بەرنامە وبەرژەوندیی جیاوازی خۆیان لەبەر دەست و چاوەدە بێ.

بۆیە هێنانەخواری کۆماری ئیسلامی لە دەسەلات بە هێزی دەرەکی و یان هەر پیلانێکی تری نادیار لە بەر چاوی کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوە، بێ رێکخستن و ئامادە کردنی زەحمەتکێشان بۆ بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسی دواڕۆژ، هەر وەك بۆ ئێمە جێگای گومان و نیگەرانیە و بۆ بەشێك لە هێزی سیاسی وئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامیش هەروا بیر لێ نەکراوە نییە. ئەوان باش دەزانن رژیمی کۆماری ئیسلامی بەشێك لە دەسەڵاتی چینی سەرمایەداری جیهانییە و لە چوارچێوەی هەر ئەو سیستەم و نیزامەدا هەڵسوکەوت دە کات. نیگەرانییەك کە سەرمایەداریی جیهانی و بەشێك لە سەرمایەدارانی لیبراڵی ناوخۆ لەو رژیمە هەیانە لە نا کارامەیی و سەرە ڕۆییەکانیەتی نەك لە جەوهەری چەوسێنەرانە و سەرکوتکاریی زاتی قانون و یاسا سەرەکیەکانی ئەو دەوڵەت وسیستەمە. بۆیە لە دەسە لات هێنانەخواری کۆماری ئیسلامی بە تەنیا و بێ بەدیلێکی شۆڕشگێڕ، یان لانیکەم بە بێ گەلالە بوونی دەسەڵاتێکی جەماوەری و جیاواز لە سیستەمی پێشوو، هەر دەتوانێت ئێرانێکی وەك ئێستای تورکیە، عەرەبستانی سعوی، عێراق و ئەوپەڕی وەك ئۆردۆن بە هێندێك جیاوازییەوە لێ چاوەڕوان بکرێ، نەك پێکهاتنی ئاڵوگۆڕێکی پێویست و لە ئاستی خۆڕاگری وخەباتێك دابێ کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران زیاتر لە سێ دەیە لە بەرابەر هارترین رژیمی کۆنەپەرەست و سەرکوتگەری سەرمایەدارییی لە خۆیان نیشان داوە و ئێستاش بەوپێوەرە خۆ هەڵدەسەنگێنن. تازە هیچ دوور نییە لە سەروبەندی روخانی کۆماری ئیسلامیدا بێجگە لەو هێز و رەوتە ناسراوانەی ئێستا هەن، لە گەڵ سەر هەڵدانی تاقمێك "خاوەن ماڵی" نەبینراو و نامۆش بەرە و روو نەبین کە هەموو چین و توێژی ناو بزووتنەوەکە مە دیون وقەرزداری خۆیان بزانن.

کەوابو پێویستە بەرەی چەپ و سوسیالیستیش و لە پێشەوەیان ئەو کەسایەتی و کۆڕ و کۆمەڵە کرێکاری و جەماوەریانەی جێگیر لە ناوئێران کە لە لایەن خەڵکەوە گوێیان بۆ دەگیرێ، بەبێ رارایی و بەکەڵك وەرگرتن لە ئەزموونەکانی تا ئێستای رەوتی چەپ و کومۆنیستی هەر لە ئێستاوە ئەرکی پێکهێنانی هێزێکی وەڵامدەرەوەی پاشەڕۆژ و جێ متمانەی زەحمەتکێشان وەك کارێکی بە پەلە حیساب کەن و بیگرنە ئەستۆ. رۆشنگەری و رێکخستن و پەرە پێدانی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانە کە ئێستا لە پێناو بەدەست هێنانی داخوازیە سیاسی وسنفیەکانی خۆیان سەرقاڵی خەبات و تێکۆشانن لەوبابەتەوە جێگاوشوێنێگی گرنگیان هەیە. ئامانجێك کە ئێمە بە شوێنیەوەین تەنیا لە رێگای چونەسەری ویست و داخوازیە پێشڕەوە سۆسیالیستیەکان و جێگیر کردنیان لە نێو قووڵایی فکر و خەباتی

ڕۆژانەی کرێکار و جەماوەری چەوساوەدا مسۆگەر بونی چاوەڕوان دەکرێ و نەك بە هیچ شێوەیەکی تر. بە بێ ئەوەی بمانەوێ دەور و نەخشی مێژوویی حیزب و کەسایەتی شۆڕشگێڕ کەم کەینەوە، پێویستە بوترێ کە دەسکەوتی هیچ یەك لە قۆناغەکانی خەبات و تێکۆشانی جەماوەری و چینایەتی تا ئێستای کۆمەڵگا، دیاریی دەستی ئەم یان ئەو لایەنی بەشدار و خێرخوازی ناو بزووتنەوە و شۆڕشە کۆمەڵایەتیەکان نەبون و بێگومان ناتوانین لە داهاتوشدا ئێمە چاوەڕوانی ئاکامێکی لەو چەشنەبین. بەڵام بە پێچەوانەوە دەتوانین و دەبێ بەپشت بەستن بە چونەسەری هەست و شعووری سیاسیی کۆمەڵانی کرێکار و چەوساوە و ڕێکخراوبونیان لە دەوری داخوازیە سەرەکیەکانیان هێزێك و حیزبێك پێك بێنین کە خۆی خاوەنی دەسەڵات بێ، یان لانیکەم لە داهاتودا هیچ حیزب وحکومەتێك نەتوانێ خۆی و داخوازیەکانی ئەو هێزە پشت گوێ بخات و لە بەرچاوی نەگرێ. هەوڵ وکۆششی ماندوویی نەناسانە بە مەبەستی جێگیرکردنی سیاسەت و بەرنامەیەکی کرێکاری وشۆڕشگێڕ لە ناو قووڵایی بیر و فیکری چین و توێژی ناڕازی و چەوساوە لە پێناو پێکهێنانی هێزێکی لەو چەشنە لە هەمیشە زیاتر پێویستە و زەمینە و هەلومەرجی جێگیر بونیشی هەر دێت و خۆشتر دەبێت.

لە لایەکەوە سەرهەڵدانی کۆڕوکۆمەڵی کرێکاری و موبارزاتی بە شێوەی ڕێکخراو و شۆڕشگێڕ لە چەند ساڵی ڕابردوودا و بە هێنانە گۆڕی داخوازیە سنفی و سیاسیەکان لە ئاستی سەرانسەریدا و لە لایەکی تریشەوە دەرکەوتن و جێکەوتنی ڕابەرانێکی بەکردەوە چەپ و سۆسیالیست لە ناو دڵی هەر ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانەدا بە سەپاندنی بە کردەوەی ڕێکخراوی سەربەخۆ لە دەوڵەت و سوننەتی موبارزە و خەباتی ئاشکرا و عەلەنی سەر فەسڵێکی نوێی گرنگ لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە وجەماوەریمان بەرودا کراوەتەوە کە خۆی نیشانەی پەیدابوونی کون و کەلەبەرە لە دیواری دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی دا. بێگومان ئەو قۆناغە مەیدانێکی تازەی گرنگ و پێویستە بۆ لە یەك گرێدانەوە و بەهێزکرنی بە کردەوەی پەیوەندی نێوان بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە گەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تر و بەتایبەت بزووتنەوەی کرێکاری. لەو ڕێگایەشەوە نیشاندانی پێویستیی و زەرورەتی ڕابەریی چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان لە ئێستا و داهاتوی بزووتنەوە جەماوەریەکان لە هەموو ئێران بە کوردستانیشەوە مومکین و هاسان دەکاتەوە. لە هەلومەرجێکی ئاوادا بە پەروەردە بونی ڕابەرانی ڕاستەقینە و گەشەی بیری سۆسیالیستی، دامەزران و جێگیر کردنی بەردی بناغەی حکومەتێکی جەماوەری مسۆگەر دەبێ کە خۆی ڕێ خۆشکەرە بۆ نزیك بوونەوەی چینی کرێکار لە دەسەڵاتی سیاسی و سەرەنجام بەرقەراربون و دامەزرانی حکومەتی کرێکاری.

بێگومان بە سەرەنجام گەیاندنی وەها تەرح و بەرنامەیەك کارێکی سادە نییە و پێویستی بە هێزێکی ڕێکخراو بە هێزی جەماوەری و کار و لەخۆبووردوییەکی زۆری بەرەی چەپ و تێکۆشەرانی سۆسیالیست هەیە، بەڵام کارێکە کە ئەنجامدانی مومکینە، تەنیا کارێکیشە کە لەو بابەتەوە دەبێ بیکەین و ئێستا هیچ ڕێگایەکی هاسانتر لەوە بەدی ناکرێ. هەروەك لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا هەوڵ و خەبات لە پێناو گۆڕکردنی یەکجاریی کۆماری ئیسلامی مەیدانێکی پان و بەرینە و کێشە و جیاوازی بەرژەوەندە سیاسی و کۆمەڵایەتیە کان تێیدا رون و بەرچاون. بە بڕوای من ڕەوتی کرێکاری و سۆسیالیستی، ڕەوتی ئیسلاحات و دیپلۆماسی و فریوی خەڵك و ڕەوتی بە هەر شێوە و بە هەر قیمەتێك بە دەسەڵات گەیشتن لێرەش دەست بە یەخەن و ڕووبەڕوی یەك وەستاون و لە داهاتوشدا هەرکامیان بە پشت بەستن بە هێز وسیاسەتی خۆیان لە هەوڵی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و چینایەتی خۆیاندا دەبن. بۆیە پێویستە ئێمەش چ وەك بەرەی چەپ و چ وەك حیزبێکی دیاریکراو(حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) دەبێ بنەما و بابەتی تەبلیغات و ڕێکخستنەکانمان لە هەمو

کاتێك شەفاف و بێ پێچ و پەناترین و لە بەرژەوەندی ئێستا و دوارۆژی کۆمەڵانی زەحمەتکێش و ژێر دەستە دوور نەکەوێتەوە. بەرنامە ی کۆمەڵە بۆ حاکمیەتی جەماوەری لە کوردستان کە دەیەوێ لە روانگەیەکی چەپ وسۆسیالیستیەوە وەڵام بە هەلومەرجێکی دیاریکراو بداتەوە و کۆمەڵێك داخوازی کۆنکرێت و رۆشنی لەوبابەتەوە هێناوەتەگۆڕێ، دەتوانێ بەشێکی گرنگ وسەرەکی بێت بۆ تەبلیغ لە ناو کۆمەڵگا و دیالۆگ لە گەڵ هەمو ئەو هێزانەی کە لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران خۆیان بە خاوەن ئەرك و تێکەڵ بە کێشەی جێگر و بە دیلێکی چەپ لە ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامی دەزانن.

***